# پەیامی خەڵکەکان هەڵەبجە

*خەڵکی ناحیەی سەنگاو بەتایبەتی و دوروو‌بەری بەگشتی گلەیی لەوە دەکەن کە لەدوای ڕاپەرینەکەی ١٩٩١ وە کە بۆ شازدە ساڵ دەچێت تائێستا بچوکترین خزمەتگوزاری بۆ شەقامەکانی نێوان چەمچەماڵ و سەنگاو نەکراوە کە خراپترین شەقامە لەهەموو ئەو ناوچەیە، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر بۆ دێهات و سەیران کردن دەچنە ئەو ناوچەیە بەرپرسەکانیش بپ هاتوچۆ ئەم هرێگایە رێگای سەرەکی خۆیانیشە.

**هاوڵاتیەک**

*لەکاتی نۆژەن کردنەوەی خانوودا یاخود دروستکردنی خانووی نوێ کۆمەڵێک پاش ماوە بەجێ دەمێنێت وەک چەولم کەئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی هاوڵاتیان و پیسبوونی گەڕەکەکە. بۆیە ئەمە ئەرکی شارەوانییە بەدواداچوونی بۆ بکات نەهێلێت ئەم پاشە ڕۆیانە ژینگە پیس بکات.

**هاوڵاتیەک**

*هەندێ لەخاوەن بریکارەکانی دابەشکردنی خۆراک بەپێی ئارەزووی خۆیان دوکانەکانیان دەکەنەوە بۆ دابەشکردنی خۆراک و پسولەی نەوت و غاز بەسەر هاوڵاتیاندا.

**شیلان**

*گەرەکێک لەگەرەکەکانی بەکرەجۆ نیگەرانی خۆیان دەردەبرن لەبەرامبەر زۆربونی ڕێژەی بەخێوکردنی مانگا چونکە بووتە هۆی پیسبوونی ژینگەی ئەو گەرەکە.

**کامەران**

# کۆمپانیای بێداران، خەونی گەنجام بەدی دەهێنێ

شاناز



چینی گەنجان کە بەچینی هێزو باز ناسراوان، سەرمایەی گرنگی وڵاتن. بەڵام لەمرۆی کوردستاندا ئەو چینە وەک پێویست لەلایەن حکومەتەوە ئاوردانەوەیەکی پێویستی لێنەدراوەتەوە کە مایەی دڵخۆشی گەنجان بێ ، نە هاوکاری کردن و نە یارمەتی دانێک لە ئاراد هەیە تا پێداویستیەکانی گەنجان دابین بکات و کار ئاسانیان بۆ بکات. ئاخۆ کەی بێت حکومەت وەک پێویست یارمەتی گەنجان بدات؟ بە تایبەتی لەکاتی چوونە ناو ژیانی هاوسەری و نیشتەجێبوون دا. ئاخۆ کەی حکومەت دیاری خۆی پێشکەشی بە گەنجان دەکات؟ ئەمانە خەونی گەنجانن و هیوای هاتنەدیان بۆ دەخوزن .

ئێستا کۆمپانیای بێداران وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی بەمەبەستی گەشپێدانی ئابووری یارمەتی گەنجان دەکات ، گوژمەیەک پارە وەک سلفەی هاوسەرگیری بە گەنجان دەدات، ئێمە بۆ ناساندنی ئەم کۆمپانیایە و بەمەبەستی ئاگابوون لە کارو چالاکیەکانی چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ (گیڤارە عەتا) بەڕێوەبەری کۆمپانیای بێداران کرد، بەڕێزیشی سەبارەت بە پرسیارەکانمان گوتی :

ئەم کۆمپانیایە لە ٢٠٠٧/٢/١٥ دامەزراوە، بەڵام لە ٢٠٠٧/٣/١٠ بەبریارێکی حکومەت وەستێنرا، کۆمپانیایەکی ئەهلی سەربەخۆیە، هەنگاوێکە بۆ پێشکەوتنی ئابووری، شێوەیەکی بازرگانی نیەو سوودخۆر نیە، بەڵکو بەبێ بەرانبەر یارمەتی ئەو گەنجانە دەدات کە هاوسەرگیری دەکەن، بەوهۆیەوە سێ هەزار دۆلار بۆ هەر یەکێک لە هاوسەرەکان دابین دەکات، واتە ژن و مێرد هەردووکیان دەتوانن ئەو برە پارەیە وەربگرن .

گیڤارا عەتا لەدرێژەی باسەکەیدا گوتی: سەرەتا بڕیاروابوو پاش شەش مانگ ئەوسا مانگانە ١٨٠ دۆلار لەو قەرزە بدرێتەوە، بەڵام دواتر کارئاسانیمان کرد، ئێستا بریاروایە مانگانە ٣٠ دۆلار بە بانکی سلێمانی بدەنەوە، چونکە لەگەڵ ئەوان تەنسیقمان هەیە، ئێمە کاتێ ئەم پارەیە وەک سلفە بەو کەسانە دەدەین کە هاوسەرگیری بکەن، دەبێ (عقد زاواجیان) پێ بێت. هەروەها کۆمەڵێ بەڵگەنامەمان بداتێ کەئێمە باوەڕیان پێبکەین.

بەڕێز بەڕێوەبەری کۆمپانیا گوتی: لەگۆمەڵگەی ئێمەدا گەنجان کێشەی ماددیان زۆرە و ڕێگری لەبەردەم هاوسەرگیریدا دروست دەکات، ئەم یارمەتیە بەشێک لەو بۆشاییە ماددیەیان بۆ پڕدەکاتەوە، لەوانەیە هاوکاریان بکات تا بەئاسوودەی و دڵنیاییەوە هاوسەرگیری بکەن، ڕاستیەکەی ئەم هاوکاریە هۆکارێکە بۆئەوەی گەنجان بەرەو هەندەران نەڕۆن . ڕۆیشتنی گەنجان زیانێکی گەورەی بە نیشتمان گەیاندووە. بەڕێزیان ئاماژەیان بەوەدا کە تا ئێستا کەس ئەو سلفەیەی وەرنەگرتووە، بەڵام دوای ٢٠٠٧/٤/٢٠ بەرنامەی جوانترو بەپێزتر دانراوە تا کۆمەڵێ گەنج تێیدا سوودمەندبن. خەڵکانێکی زۆر چاوەڕوانی ئەو هاوکاریە دەکەن، لەوانەیە ئەم سلفەیە خەونی هەندێک گەنجان بهێنێتەدی ، یارمەتی دەرێک بێت بۆ هەژاران و کەم دەرامەتانی کوردستان،

لە کۆتاییدا سوپاسی هەفتەنامەی رۆژی گەل دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان رەخساند تا سەبارەت بە کاروچالاکیەکانی کۆمپانیای بێداران بدوێین.

ئێمەش بە نۆرەی خۆمان سوپاسی بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیایە دەکەین، بەڵام هیواخوازین خودی حکومەت بەخۆی دابچێتەوەو هەوڵی بەدیهێنانی خەونەکانی گەنجان بدات ، چونکە ئەو گەنجانە هەم سەرمایەیێکی گەورەو بەنرخی نیشتمانن هەمیش ئەرکی حکومەتە کە ئاوریان لێبداتەوەو هاوکاریان بکات.




لەیلا فەریق

منداڵانی ئێستا ( ئەوانەی لە هەندەران دەژین ) دەرفەتی زۆریان بۆ رەخساوەتا لەبەرانبەر شاشەی تەلەفزیۆن دابنیشن، جا چ سەیری فیلمی تەلەفزیۆن بکەن یان لەبەردەم ئینتەرنێت دابنیشن یاخود یاری پلەی ستەیشن بکەن . منداڵی وا هەیەتا ٧ سەعات بەردەوام لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن یان کۆمپیوتەر دادەنیشێ، بەو هۆیەوەداوا لەدایکان و باوکان دەکەم کەتۆزێک بەزەییان بەمنداڵەکانیان دابێتەوە، هەڵبەت ئەوانیش دەزانن دانیشتنی بەردەم تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر ئەگەر کاتی زۆربێت باش نیە.

منداڵان حەز بەفیلمی شەڕ دەکەن، زۆربەی کات بەهۆی پلەی ستەیشنەوەئەو یاریانەدەکەن، یاخود حەز دەکەن سەیری هەواڵەکان بکەن، بەتایبەت ئەوانەی تەقینەوەو کوشتن و خوێن پێشان دەدەن، ئەمانەش کاریگەری راستەوخۆ لەسەر مێشک و لێکدانەوەی منداڵ دادەنێن و بەرەو خراپەکاریان دەبەن.

ئێمەی هەندەران پەرۆشی هەواڵی نیشتمانی خۆمانین، بەوردییەوەبەدوای هەواڵی شارەکان دا دەگەڕێین ، هەواڵەکانیش تەنیا دیمەنی تەقینەوەو کوشتن و راونان و گریان و لەخۆدان پێشان دەدەن، ئەمەش هەم وێنەیەکی ناشرینی نیشتمان بەمنداڵانمان پێشان دەدەین، هەمیش حەزو ئارەزووی کوشتن و تۆڵەکردنەوەلەمێشکیاندا دەچێنین.

من کەبیر لەتەمەنی منداڵی خۆم دەکەمەوە، زۆر جیاوازی لەگەڵ ئێستا هەبوو، ئێمەتەنیا کارتۆن و بەرنامەی منداڵانمان هەبوو، هەموو منداڵێکیش شانسی ئەوەی نەدەبوو کەتەماشای کارتۆن بکات، بەرنامەکانی ئەو کات زۆر باش بوون، ترس و راونان و کوشتن نەبوون، تەنیا پشیلەو مشک و پاپای بوون . رۆژانی هەینی بەرنامەیەک هەبوو کەوێنەکردنی پێشانی منداڵان دەدا، من کەیفم پێدەهات، بەڵام ئێستا نەک فیلم و هەواڵەکان بەڵکو گۆرانیەکانیش دیمەنی کوشتن و لێدانیان تێدایە، بەوهۆیەوەمنداڵان حەز لەخوێندن و قوتابخانەناکەن، تەنیا دەیانەوێ خۆیان بدزنەوەو بەپەلەبگەڕینەوەماڵ و سەیری تەلەفزیۆن بکەن.

لەوانەیەمنداڵانی کوردستان بەهۆی نەبوونی کارەباوەئەو دەرفەتەیان نەبێ کەبەدیار تەلەفزیۆنەوەدابنیشن، یاخود دایکان و باوکان باشتر بەمنداڵەکانیان رادەگەن، منداڵی کوردستان باشتر گوێڕایەڵی دایک و باوکی دەکات، بەڵام منداڵی هەندەران لەقوتابخانەفێری دەکەن کەلەدایک و باوکی نەترسێ، ئەگەر خۆیان لێتووڕەکرد یان خوانەکا لێیاندا دەبێ بەمامۆستاکان بڵێ، ئەمەش خراپتر لەپاشتر .

# ڕێپێوانێکی (٩) کەسی و پەندێک بۆ ئێمە

کوردێکی هەندەران

لەسەرەتای مانگی نیسانی ٢٠٠٧ لە شارێکی وڵاتی سوید ریکلامێکی زۆر بۆ ڕێپێوان کرا، بەساڵاچووانی ئەو شارە نەیاندەویست بچنە خانەی پیران، داوایان دەکرد هەر لەماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوەو خزمەت بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە ڕێپێوانێکیان ساز کرد

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ئەو رۆژە بۆ کۆبوونەوەی خەڵک دیاریکرابوو، سەرەنجام لەسەر کاتی دیاریکراو ٩ کەس کۆبوونەوە کە چوار لافیتەیان بەرزکردەوەو دەستیان بەڕێپێوان کردو بەرەو شوێنی مەبەست رۆیشتن، نەکەس گاڵتەی بە ڕێپێوانەکە هات و نە خۆشیان لە داخوازیەکانی خۆیان سارد بوونەوە، سەرەنجام داخوازی خۆیان گەیاندە لایەنی پەیوەندیدار، ئەوانیش بەڵێنیان پێدان بە گوێرەی توانا جێبەجێی بکەن، بەوهۆیەوە بڕیاردرا ئەو پیرانەی لە ماڵەکانیان دەمێننەوە رۆژانە یەکێک دەچێت خزمەتی دەکات، واتە پیرەکان ئارەزوومەندانە دەچنە خانەی پیران و لە ماڵەکانیان دەمێننەوە!

ئەگەرئەم نموونەیە لەگەڵ چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵک و دەستەڵاتی خۆمان بەراورد بکەین، ئاسمان و ڕێسمان بەدی دەکەین . راستە سوید لەگەڵ کوردستان بەراورد ناکرێ، بەڵام دیسانیشەوە دەبێ لە دیترانەوە فێرببین و دەرس و پەندیان لێوەربگرین.

پێموایە ئەگەر لەلای خۆمان دە بەرانبەری ئەو ڕێپێوانە خەڵک کۆببنەوە کەچی لەخۆیان ڕانابینن ڕێپێوان بکەن و بە کەمی دەزانن، لەوانەیە تەماشاکەرانیش بە گاڵتەوە سەیریان بکەن و بڵێن : جا ٩٠ کەس چین تا دەستەڵات گوێ لە داواکانیان بگرێ !! هەروەها دەستەڵاتیش نەک هەر گوێیان لێناگرێ و پێشوازیان لێناکات بەڵکو قاقا پێیان پێدەکەنێ و فشەی بە رای ٩٠ کەس دێت !

دەبێ ئێمە سەرەدەمانە رەفتار لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەین، هاوچەرخانە داخوازیەکانی خەڵک بەگرنگ وەربگرین، هەموو وڵاتیێکی ئەم نیشتمانە ماف و ئەرکی خۆی هەیە، مافی خۆیەتی لە بچووکترین شت بپرسێتەوەو لە بچووکترین مافی خۆیشی خۆش نەبێ. دەبێ دەستەڵاتیش ئەو راستیە وەبیرخۆی بهێنێتەوە کە خەڵک دەنگیان بەو داوەو رایانسپاردووەو فەرمانڕەوایەتی بکات و جیاوازی لەنێوان کەسەکاندا نەکات. دەبێ دەستەڵات بزانێ کە هەرگیز لە گەڵ گەورەترو زاناترو لێهاتووتر نیە .

# وێنە ئەدوێ



سلێمانی... منداڵێک لە ناو بازاڕ سواڵ دەکات.

فۆتۆ: ئارام سدیق